# ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی ئینجیلەکان

(بەشی دووهەم)



نوسینی: کری ڤۆلف
وەرگێڕانی بۆ فارسی: محەمەدی قازی
ناسری ئەمین نژاد کردوویە بە کوردی

## ٣ . هەڵە مێژووییەکانی ناو ئینجیلەکان

لەناو ئینجیلەکاندا هیچ کاتوساتێک، ساڵێك، تەناتەت رۆژێك نابیندرێتەوە کە لەگەڵ راستییە مێژووییەکاندا یەکبگرێتەوە و جیاوازی نەبێت. مەسیح کەی لە دایك بووە؟ هەر باوەڕدارێك لە وڵامی ئەو پرسیارەدا ئاماژە بە ساڵی زایینی دەکا و دەڵێ: "ئەوە نیە، هەموو عالەم دەزانن کە رۆژی لە دایکبوونی عیسا بناوانی مێژووی ئێستای دنیایە!"

بەڵام ئەم قسەیە هەروا بێ گرێوگۆڵ نیە، گێژەنێکە بۆخۆی. مەتتا دەنووسێ، عیسا لەسەردەمی هیرۆدسی پادشادا لەدایك بووە. [ئینجیلی مەتتا بەشی١، ئایەتی١]. پاشان دەگێڕێتەوە کە هیرۆدس ویستوویەتی بیکوژێ بەڵام کەتنەکەی سەری نەگرتووە. کەچی راستییە مێژووییەکان نیشانی دەدات کە هیرۆدسپاشا چوارساڵ پێش ئەو رۆژە مردووە. واتە ئەودەمی کە گۆیا عیسا لە دایك بووە، ئەو هەر لە گۆڕێدا نەماوە.

مەسیح لە کوێ لە دایك بووە؟ ئینجیلەکان دەڵێن لە «بەیت لەحم»، لە حاڵێکدا دایك و باوکەکەی خەڵکی «ناسریە»ن و دانیشتووی ئەوێ بوون. لۆقا لە ئینجیلەکەی



خویدا باسی ئەوە دەگێڕێتەوە کە یۆسف و مریەم رۆژێك بەر لە دایك بوونی عیسا لە بەیتلەحم بوون. «لەو سەردەمەدا ئوگوستوسی قەیسەرەوە فەرمان دەرچوو تا هەموو دانیشتوانی وڵاتەکەی ناونووس بکرێت. ئەم ناونووس کردنەش یەکەمجاری بوو، لە کاتێکدا کە کیرینیۆس فەرمانرەوای سوریا بوو. خەڵکی رۆیشتن، هەر یەکە بۆ شاری خۆی هەتا ناونووس بکرێن. جا یوسف لە شاری ناسیرەوە کە لە ناوچەی جەلیل بوو، بەرەو شارەکەی داود رۆیشت کە ناوی بەیت لەحم بوو. لە ناوچەی یەهودیا. چونکا ئەو لە بنەماڵە و هۆزی داود بوو. تاکو لە گەڵ مریەمی دەزگیرانی کە لەو کاتەدا سکی هەبوو، لەوێ ناونووس بکرێن.» [ئینجیلی لۆقا بەشی٢، ئایەتی١-٥].

سەرەتا وادەردەکەوێ کە ئەمە پێشهاتێکی ئاساییە و هەموو شتێك روون و ئاشکرایە. لەم حکایەتەدا بە ڕواڵەت هیچ لە بیر نەکراوە، ئاشکرایە چ سەردەمێکە، ناوی حاکم براوە، سەرژمێری و مەبەست لەو سەرژمێرییە دەسنیشان کراوە، هەروەها دیارە یوسف و مریەمی دەزگیرانی، کە سکیشی پرە، لە کوێوە و بۆ کام شار و بە چ مەبەستێك دەرۆن. بەڵام لە راستییدا و هەر لەم چەند خەتەدا پۆلە هەڵەیەکی مێژوویی دەبینین و هیچی‌تر، کە ئێستا وردتر چاوێکیان پێدا دەخشێنین.

١. بە پێچەوانەی بۆچوونی کلیسا ئەو دەمی کە عیسا لە دایك بووە و گوایە لە سەردەمی هیرۆدسی پادشادا بووبێ، «کیرینیۆس» فەرمانرەوای سوریا نەبوو. دوایین فەرمانرەواکانی سوریا لە سەردەمی  هیرۆدسی پادشادا کەسانێك بە ناوەکانی «سپتیۆس ساتورنینۆس C. Septius Saturninus» و «پ. کنتیلیوس واروس P. Quintilius Varus» بوون.

٢. ئەودەم لە یەهودیا هیچ سەرژمێرییەك بە ئەمری حاکمی سوریا بەڕێوە نەچوە. یەکەم سەرژمێری لە یەهودیا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی حەفتای زایینی و ئەویش بۆ سامان و ملک و ماڵ نەك سەرژمێری کەسەکان.

٣. له كاتی سەرژمێرییەكاندا قەت كەسەكان ناچار نەكراون لەو شوێنەی كە دەژین بەرەو زێدەكەیان بگەڕێنەوە. سەرژمێرییەكان هەمیشە لە شوێنی نیشتەجێ بوونی كەسەكان بەڕێوەچون، بەتایبەت ئەمە بۆ دەوڵەتی روم گەلێك گرینگ بوو. چونكا لە راستیدا مەبەستی سەرەكییان لە سەرژمێرییەكان مەزندەكردنی سامانی كەسەكان و ئێنجا وەرگرتنی سەرانە بوو. چۆن دەكرێ كەسێك لە شوێنێك سەرژمێری بكرێ و سامانەكەشی بنرخێندرێ، بەڵام خۆی لەوێ نەژیەت و سامان و مڵك و ماڵەكەشی لەوێ نەبێ! خۆ ناكرێ كابرا سامان و دەوڵەتەكەی هەڵگرێ و بیباتەوە شوێنی لەدایك بوون تا لەوێ سەرژمێری بكرێ و بنرخێندرێ.

٤. دەزانین كە شاری«ناسرە» لە سەدەی یەكەمی مێژووی زایینیدا نەبوە و دواتر بناخەكەی دارێژراوە. كەوابوو دایك و باوكی عیسا چۆن دەبێ دانیشتوی ناسرە بووبن و لەوێوە لەبەر سەرژمێری بۆ زێدەكەیان گەڕابنەوە!

هەر سێك ئینجیلی مەتتا، لۆقا و مەرقۆس باسی ئەوە دەگێڕنەوە كە چۆن عیسا دەسفرۆش و كاسبكارەكانی لە پرەستگەی ئورشەلیمدا وەدەرناوە. ئێستا ئاڕێك لەو رواداوە دەدەینەوە. مەتتا دەنووسێ: «ئینجا عیسا چووە گۆڕەپانی پەرستگا و هەموو ئەوانەی خەریكی كڕین و فرۆشتن بوون، دەری كردن، دەزگا و جێگای دانیشتنی پارە گۆڕەوەكان و كۆتر فرۆشانی سەروژێر كرد. [ئینجیلی مەتتا بەشی ٢١، ئایەتی ١٢]. پەكوو لەو هەموو درۆیە! قەت پەرستگا بازاری كڕین و فرۆشی كۆتر یان هیچ حەیوانێكی دیكە نەبوە. بازاری مامەڵەی حەیوان بۆ قوربانی و لەوانە كۆتر، نەك لە پەرستگا و لە حەوشەكەی، بەڵكوو لە كۆڵانەكانی دەوروبەری بووە. كەوابوو عیسا نەیتوانیوە كاسبكارەكان لە پەرستگادا وەدەر بنێ، چونكا كاسبكاری لێ نەبوە. ئەگەر مەبەستیش دەركردنیان لە كۆڵانەكانی دەوروبەری پەرستگا بووبێ، دیارە ئەوە لەگەڵ بەرنگاربوونەوەی كاسبكارەكان بەرەوروو بۆتەوە. ئەمە لە لایەك، لە لایەكی‌دیكەش هەر رێی تێناچێ، كەسێك بە تاقی تەنیا قوت بوویێتەوە و هاتبێتە ناو بازار و هەموو مێز و



كورسی كاسبكارەكانی سەروژێر كردبێ و كەسیش متەقی نەكردبێ. ئەمە ئەقڵ هەر نایبڕێ، چونكا كڕین و فرۆشی حەیوانی قوربانی بە كاسبییەكی پیرۆز ژمێردراوە و دەتوانێ زۆر رق و دەمارگرژی ئەو كەسە پێشێلكراوانە بهاروژێنێ كە دەستدرێژییان كراوەتە سەر.

گێڕانەوەی چۆنیەتی كوژرانی «یەحیا»، كە خەڵكی لە ئاو هەڵدەكێشا[1] لە ئینجیلی مەرقۆسدا بە باشی دەری‌دەخات كە ئینجیل نووسەكان هەر ئاگایان لە داب و نەریتی عیبرییەكان نەبوە. سەیری ئەم سەربردەیە بكەن، بزانن چەندە بێ‌سەروبەرە: «ئەم هیرۆدسە كاتی خۆی ناردی و یەحیای گرت و فرێی دایە بەندیخانە لەسەر ئەو «هیرۆدیا»یەی كە خواستی، هیرۆدیاش ژنی فیلیپۆسی برای خۆی بوو. چونكا یەحیا بە هیرۆدسی دەوت: "دروست نیە براژنەكەت بخوازیت". هیرۆدس بەمە ڕقی لە یەحیا هەڵسا و دەیەویست بیكوژێ، بەڵام نەیدەتوانی. هیرۆدس لە یەحیا دەترسا و دەیپاراست، چونكا دەیزانی كە یەحیا كابرایەكی چاك و پیرۆز بوو. كاتێ گوێی لە قسەكانی دەبوو زۆر دڵگران دەبوو، لە هەمان كاتیشدا حەزی دەكرد گوێی لێ بگرێ. جا هەل رێكەوت، كاتێ هیرۆدس[2] بە بۆنەی جەژنی لە دایك بوونیەوە ئاهەنگێكی گەورەی گێڕابوو، تیایا سەرپەل و ناودارەكانی ناوچەی جەلیلی بانگكردبوو، كچەكەی "هیرۆدیا" هات و دەستی كرد بە سەماكردن. هیرۆدس و میوانەكان بەمە زۆر پێخۆشحاڵ بوون. ئێنجا هیرۆدسی پادشا بە كچە دەڵێ:" هەرچیت دەوێ داوای بكە

[1] - بە عەرەبی (تعمید)، واتە تۆبەكردن و دووبارە لە دایك بوونەوە. كاتێ لە ناو ئاوەكە نوقم دەبی لە ژیانە كۆنەكەت دەمری، كاتێ هەڵدەستیتەوە ژیانێكی نوێ دەست پێدەكەیت. لە ئاو هەڵكێشان رەمزێكی دەرەكییە بۆ گۆڕانێكی ناوەكی، كاتێ باوەڕدار لە رۆح لە دایك دەبێتەوە. (ئەم روونكردنەوەیەم لە كتێبی ئینجیل بە كوردی لاپەڕەی ٦١٧ وەرگرتووە. وەرگێڕ)

[2] ( مەبەست هیرۆدسی گەورە نیە، بەڵكو «هیرۆدس ئانتیپاس»ە (نووسەر)

دەتدەمێ" هەروەها سوێندی بۆ دەخوا و دەڵێت:" ئەوەی داوای دەکەیت پێتی دەدەم ئەگەر نیوەی پادشاهیەتەکەشم بێت". کچەش چووە دەرەوە و لە دایکی پرسی:" چی داوا بکەم؟" ئەویش وڵامی دایەوە:" داوای سەری یەحیای خەڵك لە ئاو هەڵکێش بکە" کچە دەسبەجێ هاتە ژوورەوە و داوای لە پادشا کرد و پێی وت:" دەمەوێ ئێستا سەری یەحیای خەڵك لە ئاو هەڵکێشم لەسەر سینییەك بدەیتێ." پادشا بەمە زۆر دڵتەنگ بوو. بەڵام لەبەر ئەو سوێندەی خواردبووی، هەروەها لەبەر ئەو بانگکراوانەی لەگەڵیدا بوون، نەیویست سەرپێچی ئەو سوێندەی بکات کە بۆ کچەکەی خواردبوو. پادشا یەکسەر شمشێر بەدەستی نارد و فەرمانی دا سەری یەحیای بۆ بهێنرێ. شمشێر بەدەست رۆیشت و لە بەندیخانەدا سەری یەحیای بڕی، ئێنجا خستییە سەر سینییەك و هێنای بۆ کچەکە، ئەویش دای بە دایکی.» [ئینجیلی مەرقۆس. بەشی ٦، ئایەتی ١٧-٢٨].

خڕوپڕی ئەم سەربردەیە هەڵبەستە و داتاشراو و هەڵەیە. «هیرۆدس ئانتی پاس» پادشا نەبوو، بەڵکو حاکمی یەکێك لە چوار وڵاتەکەی فەلەستین بوو. ئەم کابرایە «هیرۆدیا»ی نەک لە «فیلیپۆس»، بەڵکو لە «ئانتیپاس»ی برای داگیر کردبوو. «سالوومە»ی کچی «هیرۆدیا»، کە ئینجیلەکان هەوڵ دەدەن بە کچێکی قشت و لەبار و ناسکەڵەی لە قەڵەم بدەن، لەو کاتەدا نەك هەر شووی کردبوو، بەڵکوو بێوەژنیش مابووەوە. لە گەڵ ئەمانەشدا خەوشی سەرەکی لەوە دایە کە چۆن شازادە خانمێك، ئەویش لە وڵاتێکی رۆژهەڵاتیی وەك "یەهودیا"، لە جێژنێکی بە کۆمەڵدا بە بەرچاوی هەموانەوە سەما بکات!. شتی وا نابێ، سەماکەرەکان تەنیا لە ناو ژنانی سۆزانی، یاخود بەگشتی لەنێوان کەنیزەکاندا هەڵدەبژێردران. ئەگەر شازادە خانمێك هاتبا و لە جێژنێکدا سەمای کردبا بەزم و هەرایەکی گەورەی لێ ساز دەبوو. کەوابوو زۆر ئاشکرایە کە ئەم سەربردە ئاینییەی "سالومە" و "یەحیا"ی خەڵك لە ئاو هەڵکێش ساختەیە و متمانەی مێژوویی پێ ناکرێ.



ئینجیلی "یوحەننا" وای باس دەکات کە عیسا شەوێك بەر لە جێژنی تێپەڕبوون (فەسەح، یان پاک) قۆڵبەست کراوە و بەرەو ماڵی سەرۆکی کاهینەکانەکانیان بردووە. بەڵام ئینجیلەکانی‌تر دەڵێن لە هەمان شەوی جێژندا بووە. ئەوەش دەزانین کە ئەودەم لە وڵاتی "یەهودیا"، تاوانباران بە دەستی کاربەدەستانی رومی مەحکەمە دەکران، کەوابوو نابێ عیسا لە لایەن دادگەیەکی یەهودییەوە و لە ماڵی سەرۆکی کاهینەکان مەحکەمە کرابێت. ئەگەر واش بووبێ، بێ گومان شەوی جێژن یان سەوێك پێش جێژن نەبوە، چونکا بە حوکمی ئاینیی مەحکەمەکردن لەو شەوانەدا، لە بەر جێژنەکە، قەدەغەیە. ئەمە لە لایەك لە لایەکی‌تریش مەحکەمەکردن بە شەو قەدەغە بووە. هەروەها ئەودەم لە وڵاتی یەهودیا ئەنجومەنێکی حەفتاکەسی هەبوە بە ناوی «سانهەدرین Sanhedrin» و دانیشتنەکانیشی هەر لە پەرستگا، نەك لە ماڵی تایبەتی کەسیکدا بەڕێوە دەچوون. لە مەحکەمەی عیسادا گۆیا سەرۆك کاهین و ژمارەیەك لە مامۆستایانی شەریعەت و پیران بەشدار بوون. ئینجیلەکان زۆر جار باسی ئەمەیان کردووە. بڕواننە [ئینجیلی مەتتا بەشەکانی ٢٦و٢٧]،[ئینجیلی مەرقۆس. بەشی ١٥] و [ئینجیلی لۆقا بەشی ٢٢]. ئینجیلی یوحەنناش قسە لە سەرۆکەکانی کاهینەکان دەکات! [بەشی١٨ ئایەتی٣]، تەنانەت ناوی دوو کەسیشیان «حەننا Anne» و «قەیافا Caiphe»ی زاوای، دەهێنێ. لەحاڵێکدا بە پێی حوکمە ئاینییەکانی «پەیمانی کۆن»، لە هەر زەمانێکدا تەنیا یەك کەس دەیتوانی سەرۆکی کاهینەکان بێ.

هەموو ئینجیلەکان باسی ئەوە دەکەن کە سەربازە رومییەکان لە کوشتنی عیسادا بەشدارییان کردووە، لە حاڵێکدا ئەودەم تاقە سەربازێکی رومی لە «بەیت المقدس» نەبوو. شەست سال دواتر پاش تێکشکانی راپەڕینی جووەکان بوو کە سەربازخانەیەکی رومیەکان لە شاری ئورشەلیم دامەزرا. ئینجیلەکان شتی سەیریان لەسەر سەربازە رومیەکان نوسیوە، ئەگەر متمانە بەو قسانە بکەین دەبێ پێی‌رازی بین کە ئەم سەربازانە «کتێبی پیرۆز»ی جووەکانیان ناسیوە و بڕوایان پێی هەبوە. یوحەننا دەگێڕێتەوە کە:"

کاتێ عیسا بە خاچەوە کرا، سەربازە رومییەکان جلەکانی عیسایان لە نێوان خۆیاندا دابەشکرد و کاتێ گەیشتنە جلەکانی ژێرەوەی وتیان «ئینجا سەربازەکان بە یەکتریان وت:" پێویست ناکات بیدڕێنین، بەڵکو شێر و خەتی لەسەر دەکەین بزانین بەرکێ دەکەوێ"، ئەمەش روویدا تا ئەوەی لە کتێبی پیرۆزدا نوسراوە بێتە دی: جلەکانمیان لە نێوان خۆیان بەشکرد و شێروخەتیان لەسەر کراسەکەم کرد.» [ئینجیلی یوحەننا. بەشی ۱۹، ئایەتی ۲٤]. چۆن مرۆڤ دەتوانێ باوەڕ بەوە بکات کە سەربازە رومییەکان «کتێبی پیرۆز»یان ناسیبێ و بە تەنگ ئەوەوە بووبێتن تا پێشگۆیی «تەوڕات» بە باشی بێتە دی.

پاش لێپرسینەوە عیسایان بردۆتە لای «پۆنتیۆس پیلاتس» و داوایان لێکردووە فەرمانی کوشتنی دەربکات. «پیلاتۆس» دڵی بەم کارەوە نەبوە و نەیویستوە عیسا تووشی چارەنوسێکی لەو نەوعە بێت، لە بیانویەک گەڕاوە رزگاری بکات. پرسیاری لەو خەڵکە کردووە کە گوناحی ئەم پیاوە چییە؟ لە وڵامدا وتویانە ئەم کابرایە خۆی بە پادشای جووەکان دەزانێ، «پیلاتۆس» ئەمە بە تاوان نازانێ و ویستوویەتی بەری بدا، بەڵام خەڵك بە توندی بەرپەرچییان داوەتەوە و داوای کوشتنی دەکەن. «پیلاتۆس» لێرەدا هەوڵ دەدات کەڵك لە دەرفەتی جێژنی تێپەڕبوون[3] وەربگرێ و عیسا ئازاد بکات. ـ هەر لە خۆشی و بەشارەتی ئەم جەژنە لەناو یەهودییەکاندا باو بووە کە گیراوێك ئازاد بکرێ ـ بەڵام خەڵك پێدادەگرن و داوا دەکەن نەك عیسا بەڵکو «باراباس» ـ هەرچەند دزیشە ـ بەر بدات. [بڕواننە ئینجیلی یوحەننا بەشی ۱۸ ئایەتەکانی۳۹-٤۰]. ئەوجار

---

[3]- ئەمە بە یەکێک لە گەورەترین جەژنەکانی جوولەکە دادەنرێ، یادی ئەو شەوە دەکەنەوە کە فریشتەی مردن نۆبەرەی مسرییەکانی کوشت، بەڵام نۆبەرەی جوولەکەکان رزگار بون، چونکا بە قسەی خوایان کرد و چوارچێوەی درگایماڵەکانیان بە خوێنی بەرخی قوربانی رەنگ کردبوو. ئەم جەژنە لە بەهار دێت و لەم جەژنەدا بوو کە عیسا لە خاچدرا. دوایی هەستایەوە و بەسەر مردن زاڵبوو، بۆیە باوەڕداران بە مەسیح لەم رۆژەدا ئاهەنگ دەگێڕن.



«پیلاتس» دەستەکانی دەشوا، ئەمە بەو مانایە بوو کە نایەوێ ئۆباڵی کوشتنی کابرایەکی بێ تاوان وەئەستێ بگرێ و عیسا دەداتە دەست خۆیان تا چی لێدەکەن با بیکەن.

ئەم حکایەتەش هەر لە بنەڕەتەوە ناڕاست و بێ سەرەوبەرەیە. هیچ شك لەوەدا نیە کە «پیلاتس» حاکمی رومی «یەهودیا» بووە. بەڵام دامودەزگای دەسەڵاتدارییەکەی نەك لە «ئورشەلیم» بەڵکو لە شوێنێکی دورتر بووە بە ناوی «قەیسەریە Cesaree»، کە لە قەراغ دەریادا هەڵکەوتووە. ئەمە لە لایەك لە لایەکی‌تر داواکردنی پادشاهی یەهود لە لایەن عیساوە، خۆ دەبێ مەترسی زیاتری بۆ «پیلاتس» و دەسەڵاتەکەی بووبێ، چونکا لەوانە بوو خەڵك لە دژی دەسەڵاتداریی رومییەکان هان بدات و رایانپەڕێنێ. کەوابوو زۆر چەتوونە باوەڕ بەوە بکرێ کە «پیلاتس» عیسای بە مرۆیەکی بێ تاوان زانیبێ. هەروەها لێرەدا قسە لە رەسمێکی باوی ناو جووەکان بە بۆنەی جەژنی تێپەڕبوونەوە دەکرێ، گوایە تاوانبارێکی گیراو لەو رۆژانەدا بەردەدرێ. ئەمەش ناراستیەکی‌ترە و قەت رەسمێکی وا لە ناو یەهودییەکاندا و لەو رۆژانەدا باو نەبوە. ئەمجار سەبارەت بە «پیلاتس»یش رایەکی هەڵە دەربڕاوە. مێژوو دەڵێ «پیلاتس» پیاوێکی تا بڵێی خوێنڕێژ و بێ بەزەیی و زاڵم بووە. ئەمە لەو «پیلاتس»ەی ناو ئینجیل ناچێ کە بە کابرایەکی دەست و دڵ ئاوەڵەی، بە بەزەیی و بەپارێز دەناسێندرێ. هەروەها دەبێ ئەوەش بڵێین کە جەزرەبەی سەر داری خاچ، بەو جۆرەی کە لە ئینجیلەکاندا هاتووە، گەلێك جیاوازە لەو زانیارییانەی کە لە ناو مێژوودا باسی لێوە کراوە. گێڕانەوەی ناو ئینجیلەکان لەگەڵ شێوەی لەداردانی رومیەکان یەك ناگرێتەوە. رومیەکان تاوانباریان نە بە خاچ بەڵکو بە سەری دارێکی ئەستوری درێژ دەبەستەوە و جار هەبوو کاریتۆکەیەکی بەسەرەوە بوو. ئەم دارەیان دەچەقاند و تاوانباریش بە حەواوە دەمایەوە تا لە برسان و لە تونیایەتییدا گیانی دەربچێ. رومیەکان قەت

تاوانباریان بزمارکوت نەدەکرد، چونکا لەوانە بوو بزمارەکان بەرگەی قورسایی لەش نەگرن و دەربپەڕن، یان مەچەکی تاوانبار هەڵدڕێنێ و پێوەی بەند نەبێ و بەربێتەوە.

هەروەها دەبێ ئەوەش بڵێن کە ئینجیلەکان زۆر بە دەگمەن، ئەویش زۆر تەمومژاوی ئاماژەیەکی تەواو بە کات و سەردەمی قەومانی پێشهاتەکان دەکەن. «وایس weiss» تئۆلۆگێکی خەڵکی ئاڵمانە، ئام زانایە هەرچەند زۆر بە تەنگ سەلماندی بایەخی مێژوویی ئینجیلەکانەوەیە، بەڵام بەناچار، سەبارەت بە ئینجیلی مەرقۆس دەڵێ:" ئەم ئینجیلە لە بابەت نووسینی رووداوەکانەوە زۆر کوڵ و بێ بایەخە، چونکا هیچ زانیارییەکی بێ گرێوگۆڵی تێدا نیە کە لە گەڵ کات و سەردەمی راستەقینەی پێشهاتە مێژووییەکاندا یەکبێتەوە. «درویز Drewes» زانایەکی دیکەی خەڵکی ئاڵمانە و پێشتر ناومان بردووە. ئەم کابرایەش پاش دەربڕینەوەی ئەو وشانە دەڵێ:" بریا لانی کەم ئینجیلەکانی مەتتا و لۆقا لەم بابەتەوە چاکتر بووبان، بەتایبەت ئەم چاوەڕوانییە لە لۆقا دەکرا، چونکا لۆقا لە سەرەتای ئینجیلەکەیدا خۆی بە کەسێکی رووداونووس ناو دەبات. بەڵام بەداخەوە وا نیە. لە ئینجیلەکەی لۆقاشدا زۆرجار دەستەواژەی «ئەو رۆژانە»، «ئەوکات و سەردەمە»، «شەنبەیەک»، «یەکشەنبەیەک» و «لەو ساعەتەدا» دەبیندرێن. زۆربەی ئەو بەروار و رۆژانەش هەڵەن کە رواڵەتی زۆر بێ ئەملاولا و کوتومتیان پێوە دیارە.

بەم ئاوایە، بە پانەوە دیارە کە جیاوازییەکی ئاشکرا و زەق لە نێوان ناواخنی ئینجیلەکان و راستییە مێژووییەکاندا هەیە، جا ئێستا چ ئەنجامێك لەمە وەردەگیردرێ؟

ئەنجامی سەرەکی ئەوەیە کە ئینجیل نووسەکان پشتیان نەک بە دیتن و لێوردبوونەوەی خۆیان، بەڵکو بەو چیرۆك و سەربردانەوە بەستووە کە لە زمانی کەسی سێهەمەوە بیستوویانە. بێ گومان ئەگەر رووداوەکان لەسەردەمی خۆیاندا قەومابا، یان بە چاوی خۆیان دیتبایان، نوسینەکەیان شتێکی گەلێك ورد و پوختی لێدەردەچوو.



ئەمانە تەنانەت ئەگەر زانیارییەکانیان لە زمان و دیتنی شاهیدی یەکەمەوە وەرگرتبایە، حکایەتەکانیان هەر هیچ نەبێ تۆزێ تام و بۆنێکی مێژووییشیان دەبوو. بێ گومان ئەم نووسەرانە لە سەردەمانێکی زۆر دواتر لە پێشهاتەکانی ژیانی عیسادا ژیاون.

لەگەڵ ئەمانەشدا جێی خۆیەتی و دەکرێ بیر لەوە بکرێتەوە کە ئەم کەسانە تەنانەت لە شوێنی رووداوەکانی ناو ئینجل، واتە فەلەستینیشدا نەژیاون. ئەگەر وابا دەیانتوانی بە شێوەیەکی راست و پوختەتر ژیان و سروشتی فەلەستینییەکانیان بناساندایە.

## هەڵەکانی شوێن و جێگا لە ناو ئینجیلەکان

مامۆستایانی ئاینیی پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە نووسەرانی ئینجیلەکان بۆخۆیان خەڵکی فەلەستین بوون. ئەگەر ئەم قسەیە راست بێ، دەبێ ئەم کەسانە باش وڵاتەکەیان، سروشت و ئاووهەواکەیان ناسیبێ. دەبێ ناسیاوی باشیان لە گەڵ رەسم و یاسای باوی ناو خەڵکەکەی هەبووبێ. ئەم بۆچوونە لەجێی خۆیدا نیە. بۆ دەرختنی ئەو ناراستییە «مەرقۆس» نمونەیەکی چاکە. ئەگەر باوەڕ بە قسەی دەمڕاستی کلیسا بکەین، ئەم کابرایە واتە «مەرقۆس» لە هەموو جێگایەکدا لە گەڵ «پەترۆس»ی قوتابی عیسادا بووە و شان بە شانی ئەو هەموو شوێنە جۆربەجۆرەکانی فەلەستینی بەسەر کردۆتەوە. بەڵام «مەرقۆسە» هەروەك نووسەرەکانیتری ئینجیل بەجۆرێك قسە لە فەلەستین دەکات، وەك بڵێی قەت ئەو وڵاتەی نەدیتبێ و نەیناسیبێ و لەم بابەتەوە هەڵەی یەکبەدوایەك لەناو ئینجیلەکەیدا دەبیندرێ.

ئینجیل نووسەکان بەردەوام گۆلاوی «ناسریە Genesareth» بە «دەریای جەلیل» ناودەبەن، لە حاڵێکدا ئەوە دەریاچەیەکی زۆر بچووکە و ئاوی شیرینی هەیە و ئەگەر کەسێك لە ناوەڕاستی ئەو دەریاچەیەدا بێت، دەتوانێ هەموو رۆخەکانی دەوروبەری ببینێ. ئەگەر کابرای ئینجیل نووس ئەم گۆلەی دیتبا قەت ناوی دەریای لێ نەدەنا.

«مەرقۆسە» حکایەتی چوونی عیسا لە «سوور»وە بەرەو گۆلی ناسرییە دەگێڕێتەوە و ڕێگاکەی وا دەستنیشان دەکات، کە گوایە لە «دیکاپۆلیس Decapole»[4]وە تێبەڕیوە. [ئینجیلی مەرقۆس بەشی٧ئایەتەکانی٣١]. ئەمە وەك ئەوە دەچێ، کەسێك لە پاریسەوە بڕوا بۆ لیون و لە شاری مارسییەوە تێپەڕێ[5]. کاکی ئنجیل نووس بۆیە ئەم هەڵەیەی کردووە چونکا بە باشی فەلەستینی نەناسیوە و وا دەردەکەوێ قەت دوو پێشی نەچۆتە ئەو وڵاتە.

ئنجیل نووسەکان بە گشتی قەت هیچ ئاماژەیەکیان بە ڕووەکەکان و ئاژەڵی کێوی لە فەلەستیندا نەکردووە، تەنیا زۆرجار نەبێ کە ناوی گورگیان هێناوە، کە لەو وڵاتەدا زۆر بەدەگمەنە. لەو سەروبەندەدا بەتایبەت شێر، پشیلەی کێوی، کەمتیار و چەقەڵی زۆر لە فەلەستیندا هەبووە، کە ئینجیل نووسەکان ناوێکیان لێ نەهێناون. ئینجیل نووسەکان لەو هەموو ڕووەکەی کە لە فەلەستینی کۆندا ڕوواون تەنیا ناوی خەرتەلی ڕەشیان هێناوە، جا ئەویش بە چ نەزمێك! لۆقا دەنووسێ:« عیسا پرسیاری کرد و وتی:" پادشاهی خودا لەچی دەکات، وەك چی وایە؟ لە دەنکە خەرتەلێك دەکات، کابرایەك هێنای و لە کێڵگەکەیدا ڕواندی، ڕووا و بوو بە دارێکی گەورە، بە شێوەیەك کە باڵندەی ئاسمان لەسەر لق و چڵەکانی حەسانەوە."» [ئینجیلی مەرقۆس بەشی١٣ ئایەتەکانی١٨-١٩]. لۆقا لێرەدا باسی مۆجزە ناکات، بەڵکو ئاماژەیەکی ڕوون بە دیاردەیەکی سروشتی دەکات. کاکی ئینجیل نووس نازانێ کە خەرتەلەی ڕەش دارنییە و

[4]- ئەمە ناوی یۆنانی «دەشارەکە»یە، مەبەست ئەو شارانەیە کە یۆنانییەکان بە سەربەخۆیی تیادا دەژیان. ئەم شارانە دەکەوتنە ڕۆژهەڵاتی دەریای! جەلیل، پەیوەندی ئابووری و نەتەوایەتی بە یەکیەوە بەستبوون. (ئینجیل بە کوردی، لاپەڕەی ٦١١)

[5]- یان وەک ئەوە دەچێ، بلێین کەسێک لە بانەوە چووە بۆ مەهاباد و لە شاری سنەوە تێپەڕیوە.



بڕکریە. کەچی هیچ کامیان ناوی هیچ ڕووەکێکی وەك "سدر"، "خورما"، "بامیە" و "زەیتوون" ناکەن، کە هەموو شوێنێکی فەلەستینی داگرتووە.

ڕۆژێك نووسەرێکی فەرانسەوی کە هیچ ئاگای لە روسیا نەبوو، ویستی کتێبێك لەسەر ئەو وڵاتە بنووسێ. ئەم کابرایە بە بێ ئەوەی لە شوێنی کارەکەی وەدەرکەوتبێ، باسێکی تێروتەسەلی لەسەر سەفەرەکەی خۆی بۆ روسیا نووسی. بە دووردرێژی تایبەتمەندی و شێوەی ژیانی تایبەت لەو وڵاتەشی خستەسەر. بەتایبەت نووسیبووی کە رووسەکان زۆریان پێخۆشە لە ژێر سێبەری داری گەورەی «مۆرد»[6] بحەسێنەوە و بە لەتکە سەماوەر چای بخۆنەوە. مەسەلەی لۆقاش هەر وایە. ئاشکرایە کە زانیارییەکانی ئەم ئینجیل نووسە ـ سەبارەت بە فەلەستین ـ لەو کابرایە فەرانسەویە زیاتر نەبووە کە لەسەر روسیای نووسیبوو.

زانیاری ئینجیل نووسەکانی دیکەش لەوە زیاتر نەبوە. مەگەر هەر ئەم مەرقۆسە کە دەڵێن وێڕای پەترۆسی قوتابی، بە پێ سەرانسەری فەلەستینی پێواوە، ئەم حکایەتەی نەگێڕاوەتەوە؟ عیسا جنۆکەیەکی زۆر (رۆحی پیس) لە لەشی کابرایەك دەردەکا، جنۆکەکان لێی دەپاڕێنەوە، تاکو پەسیو و پەناگایەکیتریان بداتێ، ئەویش ڕەوە بەرازێکی دوو هەزار سەرییان پێ نیشان دەدات، کە لەو ناوە دەلەوەڕان « ئێنجا رۆحە پیسەکان لە پیاوەکە هاتنە دەرەوە و چوونە ناو بەرازەکانەوە، ئێنجا ڕانە بەرازەکە کە ژمارەیان نزیکەی دوو هەزار دەبوو کەوتنە ڕاکردن و لە قەراغی ئەو شاخەی بەقەدیەوە بوون، هەڵدێران بۆ ناو دەریاچەکە و هەموو خنکان» شوانەکەشیان خێرا بەرەو شار دەردەچێ بۆ گێڕانەوەی ئەم دەنگوباسە و... [بڕواننە ئینجیلی مەرقۆس بەشی ٥ ئایەتەکانی١ تا ١٤].

[6]-دارێکە، لە داری هەنار دەچێ، گەڵا سەوز و ئەستوورەکانی بۆنیان زۆر خۆشە و هەمیشە سەوزن. (ئەم زانیارییەم فەرهەنگی عەمیدوەرگرتووە.). وەرگێڕی کوردی

ئەم رووداوە لە کوێ قەوماوە؟ ئینجیل نووسەکان پێمان دەڵێن لە سەرزەمینی «جەراسین» لە کەناری دەریا، واتە لە گۆلی ناسریە. بێ گومان دەبێ لە وڵاتی فەلەستین روویدابێ.

ئەم رەوە بەرازە بە شوانەوە لە کوێڕا هاتووە؟ هەمموومان دەزانین کە دابەستە کردن و خواردنی بەراز لە ئاینیی یەهودیدا حەرام کراوە. هەروەها لە لای سامییەکانیدیکەی دەروجیرانیشیان باو نەبوە. کەوابوو بە هیچ جۆرێك رێی تێ ناچێ رەوە بەرازێکی هێندە گەورە لە فەلەستیندا هەبووبێ. وا دیارە نووسەری ئینجیلی مەرقۆسە هیچ ئاگای لە داب و نەریتی ئەو وڵاتە نەبوە کە باسی دەکات.

بەمجۆرە دەبینین نووسەرانی ئنجیل نە سروشتی فەلەستینیان ناسیوە و نە ئاگایان لە دابونەریتی خەڵکەکەشی هەبووە. ئێستا چۆن دەکرێ ئەم راستییە لە گەڵ بۆچوون و ئیدعای کلیسادا یەکبگرێتەوە کە دەڵێن ئەمانە خۆیان لە فەلەستین لە دایك بوون و لەوێش ژیاون. هیچ قسەی تێدا نیە کە ئەم دەربڕین و چاووڕاوانە دوورن لە راستییەوە.

ئەگەر بێتوو ناکۆکی ناو ئینجیلەکان و یەکنەهاتنەوەی ناوەرۆکەکانیان لە گەڵ راستییە مێژووییەکان، هەروەها ئەو هەڵە زەقانەی کە پێشتر بە سەرچڵی ئاماژەمان پێدا، بخەینە پاڵ یەکتر، دەگەینە ئەم ئەنجامەی کە ئینجیلەکان سەرچاوەیەکی مێژوویی نین کە جێگای متمانە و بڕوا بن. ئەوانە هیچ زانیارییەکی شیاوی پشت پێ بەستن لەسەر روداوەکانی سەدەی یەکەمی زاینییمان پێ نادەن و ناتوانن پێمان بدەن، چونکا نووسەرەکانیان بۆخۆیان رووداوەکانیان نەدیتووە و لەو سەردەمەشدا نەژیاون. حکایەت و سەربردەی ناو ئینجیلەکان تەنیا ئەساتیر و ئەفسانەیەکی روتن، کە تێیاندا گەرای راستیی مێژوویی لە ژێر خەوش و خاڵی خەیاڵاتێکدا شاردراونەتەوە، کە لە سەردەمەکانی دواییدا نووسراون. کەوابوو جێگای سەرسووڕمان نابێ ئەگەر دەبینین دەسەڵاتدارانی کلیساش بۆخۆیان زۆرجار بە ئەدەب و رێزێکی کەمترەوە لە ئینجیلەکان دەڕوانن. هەر بەوجۆرەی کە «ئاگوستین» قەشەی بەناوبانگ لە کتێبەکەی خۆیدا لە



دژی ئاینی «مانی» دەنووسێ:" ئەگەر لەبەر ئابڕوی کلیسای کاتۆلیك نەبا، ئەمن باوەڕێکم بە ئینجیل نەدەبوو".

«تارەف Tareef» زانایەکی ئاینیی بەناوبانگی روسی‌یە و مامۆستای ئەکادیمی ئاینیی لە مۆسکۆ بوو، «تارەف» کتێبێکی هەیە بە ناوی «فەلسەفەی مێژووی ئینجیل» کە ساڵی **١٩٠٣** بڵاوی کردۆتەوە. ناوبراو لەم کتێبەدا دەڵێ:" ئینجیلەکان نە مێژوون و نە بەڵگە نامەیەکی مێژوویی، تەنانەت ناتوانن وەك ساڵنامەیەکیش چاویان لێ بکەین".

کۆتایی بەشی سێهەم